www.kurdistannet.org
16-2-2006 10:43بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کۆمیتەی هاوکاری لە لەناوچووندایە ... کۆنە ئەندامێکی کۆمیتەی هاوکاری

بەپێی ئەو هەواڵەی کە ئێستا لە ناو بوارە سیاسیەکانی وڵاتی سوید بڵاو بووەتەوە پێ دەچێ ئایندەی کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کوردو کوردستانی لە سوید مسۆگەر نەبێ و بەرەو لە ناوچوون بڕوات. هۆکاری ئەم مەسەلەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی ناو حزبەکانی ئەو کۆمیتەیە.
ئاگادارانی مل ملانێی ناو کۆمیتەکە وا باس دەکەن کە کێشەکە کەوتووەتە ڕادەی تەقینەوەی بەتایبەت کاتێک کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەڕێی یەکێک لە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی باکوور کە سەرۆکی کۆمیتەی هاوکاریە وتاری کۆمیتەکەی بەبۆنەی یادی 60 هەمین ساڵرۆژی کۆماری مهاباد گۆڕیووە، ئەمەش لەکاتێکدا کە نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات لە پێش خوێندنەوەی ووتارەکە گەیشتوونەتە اتفاق.
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەبەر ئەوەی وتارەکە تەنها ناوی شەهیدانی تێدا هاتووە و جارێک ناوی مستەفا بارزانی تێدا بووە. ئەوەی جێی سەرنجی بەشداران بادە کە بووە کە سەرەڕای نارازی نوینەری یەکێتی لە ڕووداوەکە هەر لەوی ماوەتەوە وتوویەتی ئەمە یادی ئەو حزبانە نیە بەڵکو هی میلەتێکە. بەڵام بەپێی هەواڵەکان پێ دەچی ئەم ڕووداوە تاکە هۆی کێشەی نیوان پارتی و یەکێتی نەبێت بەڵکو لەکاتی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا ئەمساڵ.
سەرەنجی ئەوە درابوو کە ئەفیشەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەسەر کاغەزی زەرد چاپ کرابوو، بەپێی قسەی نوێنەری هەندێک لە حزبەکانی ناو لیستی هاوپەیمانی ئەم کارەیان مەسئوولی ناوچەی پارتی خۆی پێ هەڵسا بوو چونکە بەو سپێردرابوو.
پێویستە بووترێ کە هۆیەکیتری ناکۆکیەکانی ناو کۆمیتەی هاوکاری دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بەلانس و پەیڕەوێکی دروست بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتە کەو چۆنیەتی وەرگرتنی ئەندامی تازە، لە کاتێکدا کە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران داوای وەرگرتنی ڕەتدەکرێتەوە.
لەهەمان کاتدا چەند حزبی تاکە نەفەری کە حزبەکەیان تەنیا لە یەک ئەندام پێکهاتووە، بەڵام دەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕیوەبەری کۆمیتەی هاوکاری
حزبی دیموکرات ڕێی لە هاتنی هەموو حزبە کوردیەکانی ئێرانیەکان و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقیش ڕێی لە حزبەکانی کوردستانی عێراق گرتووە کە بێنە ناو دەستەی بەڕیوەبەری کۆمیتەکەوە.
یەکێک لە کادرە سیاسیەکانی ئەو حزبانە دەڵێ چوار حزبی کوردستانی سوریا کە بەرەیەکیان هەیە بە ناوی (هاوبەندی) تەنها مافی یەکدەنگیان هەیە بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستانی باکوور کە لەناو کوردەکانی باکووردا بەوە ناسراوە کە تەنها ئەو کادرانەیان ماوە کە کار بۆ دەزگا هەواڵگریەکانی پارتی دەکەن و بەرپرسی کۆمیتەی هاوکاریش یەکێکە لەوانە.
بەپێی قسەی یەکێک لە کوردەکانی باکوور کە پێشتر ئەندامی پارتی دیموکراتی باکوور بووە گوایە ئەو حزبە خۆی تەنها 17 بۆ 18 ئەندامی ماوەو دوو تەکەتوولن کە (شەفیق کایە) و ئەندامێکیتری سەرکردایەتیان بە ناوی (دارا) لە کوردستان دژی تەکەتوولی

دووهەمی ناو گرووپە بەناو حزبەکەن کە هەر چەندە ئەوانیش سەربە پارتین بەڵام لەبەر بە ئاشکرا کارکردنی شەفیق بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ناڕازین و ئەوەش یەکێکە لە هۆکارەکانی کێشەکانیان کە لەم ماوەیەدا شەفیق بۆی بانگکراوە بۆ هەولێر، لەوێ خەریک بووە ناکۆکیەکەیان بگاتە حاڵەتی تەقینەوە و دووبەش بوونی حزبەکە، بەڵام بە هۆی تەدەخولی یەکێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتیەوە لە هەولێر کە شەفیق چووەتە خزمەتی کێشەکە راگیراوە.
ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ ئەوەیەکە هەندێک لە حزبەکانی ناو کۆمیتەی هاوکاری ئینسحاب بکەن و کۆمیتەیەکی تازە دروست بکەن لە خۆیان و هەندێ حزبی تری تازە ئەمە ئەگەر پارتی هەر سوور بێ لەسەر رەتکردنەوەی داوا یەکێتی بۆ وەرگرتنی کۆبوونەوەیەکی خێرا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان.